گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ململانێ و گوتاری سیاسی لەڕۆمانی کوردیدا
# بەنموونەی ڕۆمانەکانی (ئاشتی کوردستان ـ سەگوەڕ ـ کۆردەرە)

**گۆران عبدالله احمد**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
zhwarzhya@gmail.com

**پ.د. هیمداد حسین بکر**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
hemdad.bakir@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٧/١
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/١٠
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*The Concept of Conflict, Types of Conflict, The Concept of Speech, Political Discourse, Discourse Types*

**Doi**:
10.25212/lfu.qzj.8.2.16

## پوختە

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە"ململانێ و گوتاری سیاسی لەڕۆمانی کوردیدا بەنموونەی ڕۆمانەکانی ( ئاشتی کوردستان ـ سەگوەڕ ـ کۆردەرە )"مەبەست لەم توێژینەوەیە شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی گرنگترین ئەو ململانێ و گوتارە سیاسیانەیە کە لە ڕۆمانی(ئاشتی کوردستان ـ سەگوەڕ ـ کۆردەرە)دا بەدی دەکرێت،لەلایەکی ترەوە هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی ئەوململانێ سیاسیانەی کەڕووبەڕووی نوسەر لەلایەک و خوێنەر لەلایەکی ترەوە دەبێتەوە، ئەرکی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە جیاکردنەوەی جۆری ململانێکان و جۆری گوتارەکانە، ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە پێشەکی و دووبەشی سەرەکی پێکدێت لەکۆتاییدا گرنگترین ئەنجامە دەستخراوەکان خراوەتەڕوو لەگەڵ دەستنیشانکردنی ژێدەرەکانی ئەم توێژینەوەیە.
وشەسەرەکیەکان: چەمکی ململانێ، جۆرەکانی ململانێ، چەمکی گوتار، گوتاری سیاسی، جۆرەکانی گوتار.

## پێشەکی:

لەسەر بنەمای دڵنیایی لەو پەیوەندییەی کە لە نێوان ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەت لەگەڵ سیاسەتدا هەیانە، هەردوو چەمکەکە وەک دوو زانستی مرۆڤایەتی بەردەوام کاریگەریان لەسەر یەکتر

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەبووە، ئەم پەیوەندی و کاریگەرییە دەمانگەیەنێت بەخاڵێک کەبتوانین جۆری گوتار و ململانێکان لەڕۆماندا دیاربکەین، گوتار بەجۆرەکانیەوە ڕەنگدانەوەی لەنێو رۆمانی کوردیدا هەیە، هەرچی ململانێی سیاسی و دیاریکردنی ئایدۆلوژیایەکی دیاریکراو لە ناو دەقی ڕۆمان و ئاراستەکرنی لەلایەن (نوسەر) ڕۆماننوس بەجۆرەکانیەوە ئەرکی ڕەخنەگرە کە ئەو دەزووە پەیوەندانە ببینێتەوە.ڕۆمانی کوردی لەقۆناغێکی دیاریکراودا بەم جۆرە لە گوتارو ململانێی سیاسیدا تێپەڕبووە، هۆکاری سیاسی و نائۆقرەیی لە باشووری کوردستان لەسەردەمی ئەم سێ ڕۆمانەدا هۆکاری گرنگن بوون بۆ داگیرکردنی ڕووبەرێکی فراوان لەناو دەقی ڕۆمانی کوردیدا.

## بەشی یەکەم

### یەکەم/ چەمکی ململانێ:

"ململانێ بریتییە لەجەوهەری دروستبوونی گەردوون و ژیان" (میساوی،١٩٩٤: ٣٦) ژیان بریتیە لەململانێ لەپێناو مانەوەدا، بۆسەلماندنی خود پێویستمان بەململانێیە، لێرەوە چەمکەکانی ژیان دەکەونە ململانێی یەکتر،ململانێ لەسەر چەمکەکانی چاک و خراپ ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر هەموو تێکستە مرۆیەکان لەسەر زەوی ،ئەدەب لەبەر ئەوەی بەشێکی گرنگی زانستە مرۆڤایەتیەکان بێت، بێ بەش نیە لەبوونی ململانێ و جۆرەکانی، لەنێودەقی ئەدەبیدا لملانێ پانتایەکی فراوانی داگیرکردوو، لەنێو دەقە جیاوازەکان لە سەرجەم ژانەرە ئەدەبیەکان.

### دووەم / جۆرەکانی ململانێ لە ڕۆمانی(ئاشتی کوردستان ـ سەگوەڕ ـ کۆردەرە)

### یەکـەم/ ململانێی دەروونی_سیاسی:

"مرۆڤایەتی هەمیشە دووهێزی ناسیوە کەبریتییە لەهێزی خێر و شەڕ،هەردووک دوو هێزی بەرامبەر یەکن لەژیاندا لەدەرەوەی ویستی مرۆڤ،بەجۆرێک شەیتان نوێنەرایەتی هێزی شەڕ دەکات،لەبەرامبەردا فریشتەکان و چاکەکاران نوێنەرایەتی هێزی خێر دەکەن"(اسماعیل، ؟، ١٦٥) ئەم بۆچوونە تاماوەیەکی دوور و درێژ زاڵ بوو ،بەڵام دواتر لەگەڵ سەرهەڵدانی فەلسەفەی بونگەرایی و فەلسەفەی هیومانیزم ،مرۆڤیان وەک چەقی گەردوون دانا، ئەمە بووە ئامانجی بەشێک لەڕۆماننوسەکان بۆ شیکردنەوەی دەروونی، لێرە بەدواوە وایلێهات کەناکرێت شرۆڤەی هێزی شەڕ ببێتە چەقی هەڵسەنگاندن بۆ دەروونی مرۆڤایەتی، و هەموو هۆکارێکی خراپە بگەڕێتەوە بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شەیتان،چاکەکاریش بۆ کاری خواوەند و فریشتەکان، بەڵکو دەبێت ئەوە بزانرێت خێرو شەڕ لەناخی مرۆڤەکان خۆیاندایە ئەمە بەواتایەش دێت کەئەم ململانێیە بەردەوام دەبێت تاکو ئەوکاتەی مرۆڤ لەسەر زەوی دەبێت .

ململانێی دەروونی کاتێک لەناخی مرۆڤدا سەرهەڵدەدات کەدوو هێزی هزری دژ بەیەک بوونی هەبێت ،هێزێک گوزارش لەکاری چاکە بکات، هێزی بەرامبەریش هێزی تۆڵەسەندنەوە ڕق و کینە و خراپەکارییە،ئەمە دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی ململانێی دەروونی.

ململانێی دەروونی ئەنجامدانی ئەوکارانەیە کەپێویستە مرۆڤ بیکات لەکاتێکدا کەدەیەوێت دوو پێویستی لەیەک کاتدا بەجێ بگەیەنێت، هەندێک جار مرۆڤ دەیەوێت خۆی بەباش پیشان بدات، بەڵام ئەنجامدانی هەندێ کارو ئاکار دەبێتە هۆی ئەوەی کەپێچەوانە بێتەوە ئەمەش بەهۆیی بەربەستی مادی یان کۆمەڵایەتی دروست دەبێت کەڕێگردەبێت لەتێربوونی غەریزەکانی یان گەیشتن بە ئامانجێک،لەهەموو ئەم حاڵەتانەدا مرۆڤ هەست بەدڵەڕاوکێ نائارامی و خەم و تورەبوون کێشەدروست دەکات، کەئەمەش بەپێی کات بەردەوام دەبێت تاکو ململانێکە یەکلا دەبێتەوە بەباش یان خراپ،ئەمانە هەموو ئەوهۆکارانەن کەدەبنەهۆی دروستبونی ململانێ دەروونی کەزانستی دەروناسی پێی گەیشتوون و ڕۆماننوسەکان توانیان سودی لێوەربگرن بۆ شیکردنەوەی دەروونی مرۆڤ.

ڕۆمانی کوردی بەدەرنەبووە لە پیشاندانی ململانێی دەروونی ئەمەش لەڕێگەی نیشاندانی کەسایەتی ناو ڕۆمانەکان بەشێوەیەک شرۆڤەی وردو بیرتیژی بۆ کەسایەتیەکان دیارکردووە وچۆنیەتی مامەڵەکردنی لایەنی ناڕونی لەگەڵ بارودۆخەکان ئەمەشیان بەوە دەبێت کەئەو ڕۆمانانە خاڵی نەبوون لەدروستبوونی ململانێی دەروونی.

لەڕۆمانی سەگوەڕدا باس لەوململانێ دەرونییە دەکات کەشۆڕشگێران لە زینداندان لەگەڵ خۆیاندا بەرپایان دەکرد، (سەرلەئێوارە بوو، هەواڵیان پێدایت، (کەسبەی شەو فرمانی خنکاندنت وەجێ دێنن) بەلاتەوە ئاسایی بوو کارێکی ئەوتۆی تێ نەکردی..بەبزەوە هەواڵەکەت وەرگرت) (موکری، ٢٠١٥، ٧).

ئەم ململانێیە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە ئەوەی گۆڕانکاری لەبیر و دەروونی تاک دێت بەواتایی ئەوەی، ئەوەی بۆی دەجەنگای لەبارودۆخێکی دەروونی تردا پێچەوانەکەی دەبینیت.(ئێستا نەک بیری

تۆڵەسەندنەوە بە مێشکتا گوزەر ناکات ،بەڵکو لەخوای خۆت دەپاڕێیتەوە ئەزیەتی ئەو کەسانەش نەدات وا ئەزیەتی روحی تۆیان داوە)(موکری، ٢٠١٥، ١٣).

ململانێی دەروونی دەچێتە چوارچێوەی میتۆدی شیکاری دەروونی کەوادەکات ڕۆمانووس لەورێگەیەوە گرفت و کێشەشاراوەکان ئاشکرا بکات بۆخوێنەر، ەهەندێکجار ئەمە لەگوتارو شرۆڤەی سیاسی ڕوون نابێتەوە ،هەندێ لەڕۆماننوسە کوردەکان درکیان بەوە کرد، کەئەگەر بیانەوێت کەسایەتی ناوڕۆمانەکانیان زیاتر دەربخەن دەبێت بەڕێژەیەکی زۆر ململانێی دەروونی لەبوونی کەسایەتیەکانی ناو ڕۆمانەکە بوونی هەبێت.

مادام ئەو ململانێیە هەمیشە ململانێییەکە لەناخی مرۆڤدا هەیە ،کەواتە ئەمە بۆخوێنەرو ڕەخنەگر چەندین ململانێ و کێشەی تر ئاشکرا دەکات،کەنەتەواو دەبێت و ە کۆتایی هەیە،لەبەرئەوەی داخوازیەکانی مرۆڤ و حەزوو ئارەزوەکانی بەردەوام لەگەڵیدا گەشە دەکات کەواتە ئەم ململانێیانە بەردەوام دەبن.

دڵخۆشی مرۆڤ کاتێک دێتە دی کە لەوململانێیە دەربازی دەبێت وکاتێک ململانێش کۆتای دێت شتێک نامێنێت بەناوی بەردەوامی ژیان، چونکە هەمیشە ژیان بریتیە لەبەردەوامی و ململانێکان بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی زیاتر.

لەبەرئەوەی سیاسەتیش بریتییە لەهەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی زیاتر کەواتە بەردەوام لەململانێدایە لەگەل بەرامبەر کەئەمە لەئەدەبدا تەوزیف کراوەتە سەر کارەکتەروکەسایەتیەکان کەڕەهەندی سیاسیان هەیەو هەریەک بەجۆرێک دەیەوێت ئایدۆلۆژیایی سیاسی خۆیی بسەپێنێت، ڕۆماننوسیش بۆ ئەوەی بتوانێت ئەوململانێیە لەگەڵ ناخی خۆیدا یەکلایی بکاتەوە لەڕێگەی کارەکتەرەکانەوە دەستدەکات بەوجەنگە.

### دووەم / ململانێی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی:


پەیوەستبوونی نوسەرو ڕۆماننوس بەکۆمەڵگەی خۆیەوە،وادەکات ئاوێتەبێت لەگەڵ ئازارو ناخۆشی و خۆشیەکانی کۆمەڵگە، نوسەر هەرچەندە ئەم لێکنزیکوونەی هەبێت زیاتر دەتوانێت ڕەنگدانەوەی هەبێت لەناودەقەکانی و باشتر دەتوانێت دەست بخاتە سەربرینە کۆمەڵایەتیە کەلتووریەکان،بەڵام بەمەرجێک نوسەر بتوانێت پارێزگاری لەبیروبۆچونی کەسی خۆی و بیری گشتیدا بکات،چونکە ئەگەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەتەواوەتی بتوێتەوە لەنێوبیری گشتی خەڵکیدا ئەوا ناتوانێت شتێک بەرهەم بهێنێت کەداهێنەرانە بێت و ڕەنگدانەوەی باشی هەبێت لەناو کۆمەڵگەدا،هەروەک چۆن پێویستە نوسەر یان ڕۆمانوس ئاگاداری باشی هەبێت لەبابەتی زانستی دەرونزانی مرۆڤ بۆئەوەی ناخی مرۆڤەکان لەڕووی دەروونیەوە شیبکاتەو دەبێت بەهەمان شێوە خوێندنەوەیەکی قوڵی هەبێت بۆ لایەنی باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکە تابتوانێت باشترین شێوە وێنای کەسایەتیەکانی کۆمەڵگەکەی پیشانبدات.

ڕۆمانی کوردی تەنها گرنگی بەناوەڕۆکی کەسایەتیەکان نەداوە،بەڵکو گرنگی بەلایەنی دەرەکی کۆمەڵایەتیش داوە و لملانێی (کۆمەلایەتی ـ سیاسی)یەکێکە لەگرنگترین ئەوململانێیانەی کەڕۆمانی کوردی بایەخ و گرنگی تەواوی پێداوە، لەبەرئەوەی ڕیشەی کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی جوتیاری بووە هەمیشە دابەشی سەردووبەرەدا بووە،کەئەوانیش ئاغاو دەرەبەگ لەگەڵ جوتیار بووە، زۆربەی ڕووداوەکانی ناوڕۆمانەکان ئەم جۆرە ململانێیە وجودی هەیە و بەجۆرێک هەندێک لەبەرهەمەکان باس لەسەردەمی خەباتی سیاسی و چەکداری دەکات کەنوێنەرایەتیەکەی لەخەڵکی جوتیار و هەژار پێکدێت لەبەرامبەر دەسەڵاتی پاشایەتی و دواتریش شۆڕ دەبێتەوە بۆ دەسەلاتی ئاغاو دەرەبەگەکان،ئەم جۆرە ململانێیە پانتایەکی فراوانی لەنێودەقی ڕۆمانی کوردیدا داگیر کردووە.جوتیار جیاواز لەوململانێیەی کەهەیبووە لەگەڵ ئاغاو دەرەبەگ لەهەمان کاتدا کێشەی لەگەڵ سیستەمی حوکمرانی ئەوسەردەمەشدا هەبووە لەبەرئەوەی دەسەڵاتی سیاسی ئەوسەردەمە پاڵپشتی ئاغا و دەرەبەگ بوون، بۆیە زۆرجار بزوتنەوە جوتیاریەکان سەریهەڵداو، ئەوەتا لەڕۆمانی (کۆردەرە)دا باشبوونی ژیان و گوزەرانی خەڵک و ڕزگاربوونیان لەهەژاری پەیوەست کردوە بەدەسەڵاتی سیاسی و گۆرانکاری لەدەسەلات(ئەگەر مەلیک فەیسەڵ بڕواتە سەرتەخت... کار زۆر دەبێ...هەر لەدەست وەصی و نوری سەعید و ئینگرێز رزگارمان بویەت ،ئەوا باری هەموو کەس لەگا دەنرێ) (جاف، ١٩٨٩، ٨٢)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




نەخشەی ژمارە(١) ململانێی کۆمەڵایەتی _ سیاسی

قوربانیانی سیستەمی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆرن، جیا لەجوتیار هەندێکجار کرێکارو فەرمامبەرانیش کەسیستەمی فەرمانرەوا بژێوی ژیانی بۆ پەیدا ناکات کەبتوانێت ژیانی پارێزراوبێت، ئەمەش دەبێتە جۆرێک لەدەرەبەگایەتی مۆدێرن، هەربۆیە ئەوچینانەش بەشێک بوونە لەبزوتنەوە سیاسیەکان.

### سێیەم/ ململانێی ئاینی ـ سیاسی:

باسکردنی ململانێی ئاینی و کاریگەریەکانی لەناو کۆمەڵگە بەگشتی و لەناوڕۆمان بەتایبەت لەڕۆژهەڵاتی ناوین زۆر جیاوازترە وەک لەڕۆژئاوا،بەوپێیەی ڕۆژئاوا توانی قۆناغی حوکمی ئاینی تێپەڕێنێت بەجۆرێک ئاین لەچوارچێوەی دەسەڵاتی کەنیسەو هەندێک جێگای پیرۆز و سیمبوڵی مایەوە،بەڵام لەڕۆژهەڵاتی ناوین ئاین بەتایبەت ئاینی ئیسلام ئاوێتە بووە لەگەڵ سەرجەم کایەکانی

ژیان وەبەردەوام لەململانێ و دەستێوەردان بووە،بووەتە بەشێک لەرێکخستنی کاروباری ژیان ،بەوپێیەی کەئاینی ئیسلام ئاینێکی گشتگیرە و لەفراوانی شرۆڤەکردن بۆ دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) و دامەزراندنی دەوڵەتسازی و حوکمداری بەشێکی زۆری ئەم وڵاتانە ئاین بووەتە بناغەی دامەزراندن و دەستوور و یاساکانی بەرێوەبردنی وڵاتی لەسەر دارێژراوە،تەنانەت هەندێک لەو وڵاتانەی کەکەوتنە ململانێ دروستکردن و جیاوازی لەنێوان ئاین و حوکمڕانی بووە هۆی دروستکردنی ململانێیەکی قول و توندوتیژە ئەم ململانێیە ڕەنگدانەوەی لەسەرتەواوی کۆمەڵگە دروستکرد و لەبەرئەوەی نوسەر و ڕۆماننوس بەشێکی گرنگی کۆمەڵگە پێکدەهێنن بێ بەری نەبوون لەم ململانێیە بەتایبەت لەوڵاتانی وەکو( مسر و لوبنان و تونس).

لەکۆمەڵگەی کوردیش ململانێی ئاینێ بووە مشتومری توند لەنێوان بەشێک لەنوسەران و بیرمەندان لەهزرە جیاوازەکان، ساڵانی 1991 ـ 1956 قۆناغی جیاوازی بیرو هزر و بیرکردنەوەی جیاواز دەربارەی ئاین و ڕۆڵ و پێگەی ئاین لەحوکمەتداری بوو، هەروەها لەم سەردەمە کۆمەڵێک بزوتنەوە شۆڕشی یەک بەدوای یەک سەریهەڵدا بەبیری جیاوازی ئاینی و نەتەوەییەوە هەرلەم سەردەمەدا بزوتنەوە دژە ئاینەکانیش بەپێی قەبارەی خۆیان بەژداری بزوتنەوە چەکداری و سیاسیەکان بوونە هەندێکجار حوکمداری ناوچە جیاوازەکانیشیان لەدەست بووە بەنمونەی حزبی شیوعی کوردستان.

بەداخەوەزۆرجار مامۆستایانی ئاینی لەململانێی نێوان هەژارو دەوڵەمەند،ئاغاو جوتیار پاڵپشتی دەسەڵاداریان کردووە بەناهەق ئاینیان بۆ ساغکردنەوەی ئەم ململانێیە بەکارهێناوە و هەندێک جار خۆیان ساغ نەکردوەتەوە، کەلەکام بەرەی ململانێ دان هەریەکەو بەپێی بیرکردنەوەی خۆی مەلای بەلای خۆیدا ڕاکێشاوەو ویستویەتی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریبهێنێت (فەرت هانی...،خودات لەگەڵ یەزدانی مەزن چاک بۆ هەمووومان بکات...لەدڵی خۆمدا گوتم ئەمە بوو فەڕ ...ئەمە بوو خۆشی...بەم جۆرە خودام لەگەڵە ؟!وادیارە ئەم واتانەش هەر تەشەر لێدانە بەرامبەر بە هی وەکو من...ئا ئەمەیە حاڵوباڵی ئێمە لەگەڵ ئەم کەلە ڕەقانەدا..

ـ مینە لەم کاتەدا بەهەناسە سواری هەڵیدایە:

جا مەلاش هەر بەلای ئەواندا داناتاشێت؟!)(سەعید، ٢٠٠٤، ٣٦)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی دووەم

### گوتار و جۆرەکانی لەڕۆمانی (ئاشتی کوردستان – سەگوەڕ – کۆردەرە )

### 1. چەمکی گوتار:

گوتار، مەبەست لێی زنجیرە چەمکێکە کە دەکرێت شیکاریی بۆ بکرێت لەڕێگەی دیاریکردنی چۆنێتی و شێوازەکەی، لەگەڵ ئامرازەکانی پەیوەندییکردنی ئەم ئامرازانەش جیاوازن بە جیاوازی شێوازی گوتارەکە. لێرەوە جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان زمان وەک کۆمەڵە ئاماژەیەک، و بەکارهێنانی تاک بۆ ئەو زمانە، کە لە ڕێگەیەوە کاری ئەدەبی دەبێتە چالاکییەکی داهێنەرانەی جیاواز لەوانی تر. بەهای کاری ئەدەبی، دروست دەبێت لەسەر بنەمای هۆشیاریی و درککردن بەو ئەرکەی زمان پێی هەڵدەستێت لە بەرهەمهێنانی هێما و ئاماژە و ماناکانی. ڕۆمان گرنگی دەدات بە دیاریکردنی ڕەگەزە زمانەوانییەکان و ڕەگەزەکانی ڕۆمان. لەم ڕێگەیەوە ئاستی نووسین هێزی نووسین لەڕێگەی خوێندنەوەی دەق زۆر بە ڕوونی بەدیار دەکەوێت

### 2. گوتاری سیاسی:

بریتییە (لەکۆمەڵە ڕستەیەکی ئاراستەکراوی مەبەستدار، بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەری لەسەرئایدۆلۆژیای وەرگر)(وسام، فیروز، ٢٠٢٠، ٨) و هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی بەناوەڕۆکی گوتارەکە لەڕیگەی شرۆڤەو شیکاری ئەو پەیامەی هەڵیگرتووە، ئامانجی ئەم جۆرە گوتارە ڕاکێشانی سۆزی خەڵک و ڕازیکردنێتی بەئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو، ئامرازەکانی گەیاندنی ئەم جۆرە لەگوتار جیاوازە، ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەت وەک کەرەستەیەک بەکاردەهێنرێت لە پێناو خزماتکردن بە گەیاندنی پەیامی سیاسی.

### دووەم / جۆرەکانی گوتار لەڕۆمانی (ئاشتی کوردستان ـ سەگوەڕ ـ کۆردەرە )

### ا- گوتاری سەرکوتکردن:

یەکێک لەوجۆرە گوتارانەی کەلەڕۆمانی کوردیدا بەرجەستە دەکرێت و ئاراستەی خوێنەر دەکرێت بریتییە لە گوتاری سەرکوتکردن،سەرکوتکردن بەهەموو جۆرەکانی (سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ـ ئاینی ـ ئابووری ... هتد)ڕووبەرێکی فراوان پێکدەهێنێت لەڕۆمانی کوردیدا بەتایبەت سەرکوتکردنی ئازادی ڕادەربڕین و بیروباوەڕی سیاسی و نەتەوەیی.

لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق.بۆیە ڕۆمانووسان پەنایان بردووەتە بەر دەق، بۆئەوەی دەرچن لەو قەتیس کردنەی کەلەئەنجامی سیاسەتی تاکڕەوی ئەوسەردەمە پیادە دەکرا،هەندێک لەو ڕۆمانانەی کەلەشاخ دەرچوون بەتەواوی ئازادیەوە توانیویانە ئەم جۆرە گوتارانە بەرچاو بخەن و بیکەنە پەیامی سەرەکی و ئاراستەی خوێنەری بکەن،هەرچی ڕۆمانەکانی ترە پەنایان بردوەتە بەر ڕەمزو هێما بۆئەوەی باس لەوسەرکوتکردنانە بکەن.

(ئەکبەر) شاکەسایەتی ڕۆمانی کۆردەرەیە دوای ئەوەی بۆ ماوەی دووساڵ بەهۆی بیروباوەری سیاسیەوە بەند دەکرێت، دوای ئازاد بوونی کتێبخانەیەک دەکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت گوزەرانی ژیانی پێ بەڕێوەبەرێت، بەڵام حکومەتی ڕژێمی ئەوکاتە ئازادی مرۆڤی سەرکوتکردبوو بەجۆرێک سانسۆر خرابووە سەر ئەوکتێبانەش کەبیری ئازادی و گیانی خەباتگێری و فیداکاری تێیدا زاڵ بوو،بۆیە ڕۆمانوس لەڕێگەی کەسایەتی ئەکبەرەوە سەرکوتکردنی کاری سیاسی و ڕۆشنبیریمان بۆ دەگوازێتەوە.(- وتم نافەرموویت... چ کتاوێک...؟

- (دایکی)مەکسیم گورکیّ...!!

ئەو دەمە کیتاوی(الام) بەلای دام و دەزگای دەوڵەتەوە، یاساغ کرابوو، بە دژوار وەچنگ دەکەوت، هەیشم بایە بەئاسانی نەم دەدایە... باهەرچەنێکیش جوان بایە...بەلامەوە گەوجی بوو لەیەک کونەوە دووجار مار پێمەوە بدات. من هێشتا لەژێرچاودێری بووم، دەترسام دام و دەزگای دەوڵەت هەناردبیەتی... جابۆیە وتم:-

- ئەو کیتاوەم نییە... بەڵام ئەگەر مۆڵەتم هەبێت ڕەنگە بۆت پەیدا بکەم...

سوپاسێکی کردوو چوو...!!(جاف، ١٩٨٩، ١٤٦)

## ب- گوتاری تێکدان:

لەدوای شۆڕشی١٤ی تەمووزی ١٩٥٨هاتنەسەردەسەڵاتی کۆمارییەکان لەعێراقدا،پەرتەوازەیی لە ڕێکخستنی پارت و بزوتنەوە سیاسیەکان و سیستەمی فکری و کۆمەڵایەتی دروست بوو ،ئەم پەرتەوازییە وایکرد کەتێکدان ی شیرازەی کۆمەڵگە دروست بێت، لەدوایدا ئەمە بووە هەوێنی دروستبوونی شۆڕش و بزوتنەوەی جیاواز،گوتاری سیاسی کەرەهەندێکی سەرەکی هەبوو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەڕۆمانەکاندا ڕەنگی دایەو، ئەمەش بەسەر دووبەرەدا دابەش بوون بەجۆرێک هەندێک پشتگیری شۆڕشیان دەکرد وەهەندێکی تر سەرزەنشتیان دەکرد.

(مەریوان)کەستیەتییەکی ناو رۆمانی (ئاشتی کوردستان)ی رۆماننوس (مەحەمەد سالح سەعید)ەدوای ئەوەی کەماوەی حەوت ساڵ لەبەنیخانە بەسەر دەبات،ئەگەرچە مەریوان گوند نشین بووەو سەری لەکاروباری سیاسی دەرنەچووە، بەڵام بەهۆی ئەو ماوەیەیی لەگەڵ بەندیەکانی تردا بەسەری بردبووە، ببوە سیاسیەکی گچکە لەسەروبەندی بڵاوبونەوەی ڕوخانی پاشایەتی بەردەوام شەوان بەخەیالی ئازادیەوە شەوی دەکردەوە، گەرچی شەوی ئازادی جیاواز بوو لەو شەوانەی تەنها خەیال ئازادی دەکر،بەڵام لە ئێستاوە وا ڕۆژی ڕووناک هەڵدێت و بانگی ئازادی تێیدا جار دەدرێت، ۆیە ڕۆمانوس لەڕێگەی کەسایەتی مەریوانەوە ئەم جۆرە دابەشبوون بەسەر بەرەی پشتیوانی شۆرش نیشان دەدات ،مەریوان گەلێ شەوی تا بەرەبەیان بەبیرکردنەوە و خەیاڵ پلاوەوە ڕۆژی کردبووەوە...، ئەمشەویش شەوێکی مێژووی بوو لەو شەوانە ...،بەڵام شەوێک نەوەک گشتی ئەم شەوانە...،جیا بوو لەهەمووان...، شەوی خۆشی بێداران...،ڕزگارکەری زامداران..،دەمی ڕاپەڕینی دەستەیەکی مەردی تۆڵەسێن بۆ گۆڕکردنی تەخت و بەختی سەختی چەوساندنەوەو کۆیلایەتی...،بەڵێ هێزی سوپای دادپەروەر ئاگری لەسەر بڕبڕەی پشتی رژێمی دروستکراوی بێگانە پەرستی داردەست کردەوە)(سەعید، ٢٠٠٤، ١٤٦)

## ت- گوتاری پارچەکردن:

بریتییە "لەوجۆرە گوتارەیی کەپەرتەوازەیی لەهەردوو جۆری مادی و مەعنەوی بەرجەستە دەکات" ،ئەم جۆرە گوتارە لەڕۆمانی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت، کەبریتییە لەپەرتەوازەیی بیرو ئایدۆلۆژیاو ئاستی هۆشیاری و کۆمەڵایەتی ...هتد و ئەمانە بوونە هۆی دروستبوونی پەرتەوازەیی لەکارەکتەر (کەسایەتی)ی ناو ڕۆمانەکە، کەخاوەنی بیروبۆچونی جیاواز بن.ڕۆستومە سور کەسایەتیەکە ناو رۆمانی ئاشتی کوردستانە دوای ئەوەی ئامەی ژنی دەمرێت و پرسە لەگوند دادەنرێت لە ڕوالەتدا خۆی خەمبار پیشان دەدات بەلەدەستدانی خێزانی بەلام لەبنەرەتدا باکی نەبوو هەرئەوکاتە چاوگێری دەکرد بۆ یەک دووانێکی تر لە کچانی ناو گوند،ئەمە نیشاندانی دوو جۆر کەسایەتی پیشاندەدات لە یەک کارەکتەردا، کە لە ریگەیەوە گوتاری پارچەکردن تێیدا بەرجەستە دەکات(کوێخا لەگەڵ ئەوەشدا کە

بەسەرزاریی مات و بێدەنگ دانیشتبوو، خۆی بەخەمبار و دلتەنگ دەردەخست، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت لەدڵدا یەک دەنک باکی نەبوو...، هەرلەئێستاوە مرخی خۆی لەیەک دووانێک خۆش کردبوو کە هەوڵی هێنانیان بدات، کچێکی منداڵکاری ماڵە خەزوورانی ڕوناکی کچی...، کیژێکی شانزە ساڵی گوندەکەی خۆیان...، بەڵام لەپێش ئەم دووانەدا خەجیج خان؟!)(سەعید،٢٠٠٤، ١١٦)

**پ- گوتاری شیزۆفرینا :**

بەوپێیەی کەسایەتیەکانی ناو ڕۆمان دروستکراوی خەیاڵی ڕۆماننوسە،خەیاڵی ڕۆماننوسیش سەرچاوەی لەواقعەوە وەرگرتووە،ئەوواقعەش بێگومان هەمیشە لەململانێی نێوان چاک وخراپ بەرهەم دێت،ئەمە دەبێتە بناغەی دروست بوونی کەسایەتی و کەسایەتیش بریتییە لە ململانێی چەمکە دژ بەیەکەکان لەناخی خۆیاندا.

نموونەی ئەم جۆرە کەسایەتییە لە ڕۆمانی سەگوەری مەحەمەد موکریدا بەدیدوکرێت کاتێک یەکێک لەکەسایەتییە سەرەکیەکانی ناو رۆمانەکە دەکەویتە ململانیەکی سەخت لەگەل خودی خۆیدا لەنێوان دوو رەفتاری باش و خراپیدا دەکەوێتە گفتوگۆ(دەزانی گەلێ جار ئازاو بەجەرگ بوویت،گەلێ جاریش ترسنۆک و بێفەر، جار جاریش گەوجی و زیرەکی لەیەک کات و شوێندا بەسەریان کردووی.(ئێستا)شەرم لەخۆت دەکەی، گەر بلێی ئازام، دلێشت بەخۆت دەسوتێ، گەر بلێی ترسنۆکم!)(موکری، ٢٠١٥، ٥)

## ئەنجام

1. ڕۆمانی کوردی لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە ڕووبەرێکی فراوانی بەکارهێناوە بۆملّملانی و گوتاری سیاسی ، ئەم ململانێیە لەناو دەقی هەرسێ ڕۆمانی کوردی(ئاشتی کوردستان – سەگوەر – کۆردەرە) ڕەنگی داوەتە
2. نوسەر و خوێنەر یان ڕەخنەگر لەنێو ململانێیەکی سیاسی  بەردەوام دان لە نێو دەقی ڕۆمانی کوردیدا، بەجۆرێک کاریگەریان لەسەر یەکتر جیهێلاوە.
3. ئاراستەکردنی ایدۆلۆژیایەکی تایبەت لەلایەن نوسەر(ڕۆماننوس)،بۆ خوێنەر و وەرگر بەدی دەکرێت.

4. ڕەهەندی سیاسیی لە هەرسێ ڕۆمانی(ئاشتی کوردستان_سەگوەڕ- کۆردەرە) بەتەواوەتی زاڵە لە تەواوی دەقی ڕۆمانەکاندا.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردیەکان:

1. مەحەمەد موکری: سەگوەڕ، چاپی حەوتەم، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی، ٢٠١٥
2. خەسـرەو جاف: کۆردەرە ڕۆمان، دەزگای ڕۆشـنبیری وبڵاوکراوەی کوردی، چاپخانەی دار الجماهير بەغدا، ١٩٨٩
3. محەمەد سالح سعید: ئاشتیی کوردستان ڕۆمان، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.٢٠٠٤.

### سەرچاوە عەرەبیەکان:

1. حمد میسـاوی: انواع الصـراع فی روايات نجيب الكيلانى، رسـاله ماجسـتير، معهد اللغه والادب العربى، جامعه تلسمان، الجزائر ١٩٩٤.
2. عزالدين اسماعيل: التفسير النفسى للادب، دار العوده، بيروت
3. حاجى وسام، واضح فيروز: تحليل الخطاب السياسى المضمر فى روايه حضره جنرال للروائى كمال قرور، رساله ماجستير، قسم اللغه والادب العربى، كليه الاداب واللغات، جامعه محمد بو ضياف-المسيله، ٢٠٢٠.

## Conflict and Political Discourse in Kurdish Novels as an example of the novels (Ashty Kurdistan- Sagur - Kurdare)

**Goran Abdullah Ahmed**
Department of Kurdish Language, College Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
zhwarzhya@gamil.com

**Prof. Dr. Hemdad Hussen Bakir**
Department of Kurdish Language, College Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hemdad.bakir@su.edu.krd

***Keywords:*** *The Concept of Conflict, Types of Conflict, The Concept of Speech, Political Discourse, Discourse Types.*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract
The title of this research is "conflict and political discourse in Kurdish novels as an example of the novels (ashty Kurdistan- Sagur - Kurdare)", the purpose of this study is to analyze and analyze the most important conflicts and political discourses in the novel ( ashty Kurdistan - Sagur- kurdare) On the other hand, trying to distinguish between the political conflicts facing the writer on the one hand and the reader on the other, the main task of this research is to distinguish between the type of conflicts and the type of discourses, the content of the research. It consists of the lead and the two main sections, and the most important results will eventually be presented, with the selection of references to this research.

---

## الصراع والخطاب السياسي في الروايات الكردية رواية (ئاشتى كردستان – سەكوەر – كۆردەرە) نموذجا

**ملخص:**
عنوان هذا البحث هو "الصراع والخطاب السياسي في الروايات الكردية، روايه (ئاشتى كردستان – سەكوەر – كۆردەرە)" نموذجا، والغرض من هذه الدراسة هو تحليل وتحليل أهم الصراعات والخطابات السياسية في رواية (ئاشتى كردستان –سەكوەر- كۆردەرە) من ناحية أخرى، محاولة التمييز بين الصراعات السياسية التي تواجه الكاتب من جهة والقارئ من جهة أخرى، والمهمة الرئيسية لهذا البحث هي التمييز بين نوع الصراعات ونوع الخطابات، ومضمون البحث. ويتكون من المقدمة والقسمين الرئيسيين، وسيتم عرض أهم النتائج في نهاية المطاف، مع اختيار المراجع لهذا البحث.

الكلمات الدالة: مفهوم الصراع، انواع الصراعات، مفهوم الخطاب، الخطاب السياسي، انواع الخطاب.